# ڕاگەیاندنی کۆتایی کونگرەی چوارەمی
# سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی
# ئێران _ کۆمەڵە

**کرێکاران و زەحمەتکێشانی تێکوشەری ئێران!**

**گەلی کوڵنەدەری کورد!**

کونگرەی چوارەمی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کومەڵە) ڕۆژی دوهەمەی مانگی ڕێبەندانی ئەمسال ((1362)) گیرا.

مادە ئەسلیەکانی دەستوری کۆبۆنەوەکانی کونگرە بریتی بوون لە: گوزارشی کومیتە ناوەندی، گوزارشی پەیوەست بوونی کۆمەڵە بە حیزبی کومونیستی ئێرانەوە، وەزعیەتی ئێستا ودوا ڕۆژی بزوتنەوەی شورشگێرانەی کوردستان، حاکمیەتی شورشگێرانە لە کوردستان، جەماوەری کردنی شەڕی شورشگێرانە لە کوردستان، لێکدانەوەی بەرنامەی کومەڵە بۆ خودموختاری کوردستان، مەسائیلی تەشکیلاتی و هەڵبژاردنی کومیتەی ناوەندی.

کونگرە گوزارشی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەی _کە ئیقدامی کومیتەی ناوەندی لە ماوەی نێوان دوو کونگرەی سێهەم و چوارەم دا دەگرتە بەر_ دایە بەر لێکولینەوە و هەڵسەنگاندن. کونگرە گوزارشی پەیوەست بوونی کۆمەڵەی بە حیزبی کومونیستی ئێران ی تەئید کرد و لە کاری بەشداری گەرم و گوڕ لە دامەزراندن و پێکهێنانی حیزبی کومونیستی ئێران و بە دیهێنانی پەیوەست بوونی کۆمەڵە بەو حیزبە قەدردانی کرد.

یەکێك لە باسە هەرە گرینگەکانی کونگرە، پتەو کردنەوەی تەشکیلاتی بوو، دوابەدوای کومەڵێك باسی قوول و پر بایەخ کە لە سەر ئەم مەسەلەیە کرا کونگرە دەستنیشانی کرد کە ئێستا بەرەو پێش چوونی کۆمەڵە، لە باری وە دیهێنانی بەرنامە و ئامانجەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە کوردستان لە گرەوی ئەوە دایە کە بایەخی جیدی بە مەسەلەی تەشکیلات بدرێ، مەیدانە جوراوجورەکانی فەعالیەت ریێك بخەن و لە سەر بناغەی نەقشەی هەدەفمەندانە دابمەزرێن.

کونگرە لەم بارەوە لە گەل پەرەپێدانی تەشکیلاتی حیزبی لە ناو کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستاندا کونگرە بڕیاری دا کە کومیتە تەشکیلاتیەکان بە شێوەیەکی جیدی بەرەو پەرەپێدانی تەشکیلاتی حیزبی لە نێو کرێکاران و زەحمەتکێشان هەنگاو هەڵگرن، هەر چی زیاتر کرێکاران و زەحمەتکێشان ئاموزش بدەن و لەو رێگایەوە بیان هێننە ناو ریزەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران.

لە باسی وەزعیەت و دوا ڕۆژی بزوتنەوەی شورشگێرانەی گەلی کورددا، کونگرە کوڵنەدەری کومەلانی زەحمەتکێش و زور لێکراوی کوردستان و ئامادەیی خەباتکارانەیانی، سەرەرای داگیر

کەرانی بەشێکی زوری کوردستان_دەس نیشان کردو قامکی لە سەر ئەوە دانا کە هەڵدان و بەرەو پێش بردنی چوونی بزوتنەوەی شورشگێرانەی گەلی کورد، ئێستا زیاتر لە هەر زەمانێکیتر ، بە پەرەپێدانی خەباتی سازماندراو و یەکگرتووی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان و لە پێشیانەوە کوٚمەڵە گرێدراوە.

کوٚمەڵە بە قامك دانان لە سەر ئەم نوکتەیە کە کوردستان زەمینەی لە بار بوٚ هەڵدانی بزوتنەوەی جەماوەری هەیە، ئەو ئەرکەی نایە سەر شانی تەشکیلات کە بوٚ سازماندان و ڕابەری و هیدایەت کردنی خەبات و ئیعترازاتی جەماوەر بە گەرم و گوری تیٚ بکوٚشیٚ.

کونگرە جەماوەری تر کردنی شەری شورشگێرانەی لە سەر بناغەی نەقشە عەمەلی هەدەفمەند و روشنی سیاسی و نیزامی لە دەستوری کاری تەشکیلات دانا وە لە سەر پێویستی هەڵسوارانی وشیارانە بە مەبەستی هێنانی مەیدانی هەر چی زیاتری کوٚمەلاٚنی خەڵك بوٚ خەباتی چەکدارانە تەئکیدی کرد.

کونگرە لە پەیوەند لە گەڵ سازمان دانی حاکمیەتی شورشگێرانەی جەماوەری دا، دەستی لە سەر حاکمیەتی دێموکراتیك ئینقلابی لە سەر بناغەی شورای راستەقینەی خەڵك دانا. کونگرەی کوبونەوەی گشتی (واتە مەجمەعی عمومی) سازماندراو و مونەزەمی بە عینوانی شورای پایە دیاری کرد. وە بە ئەرکی سەرشانی تەشکیلاتی دانا کە بزوتنەوەی شورایی لە سەراسەری کوردستان پەرە پێبدا. کونگرە هەر وەها چەند هەنگاوێکی عەمەلی دیاریکراوی سەبارەت بە کار باری کوٚمەلاٚیەتی وەك سەواد فێر کردن، کاروباری دەرمانی و پزیشك و بێهداشت و شتی دیکەی لە دەستوری کاری تەشکیلات دانا.

ئاخرین مادەی دەستوری کوٚبونەوەکانی کونگرەی چوارەم هەڵبژاردنی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی تازەی کوٚمەڵە بوو کە لە وێدا 9 کەس لە هاورێیان وەك کومیتەی ناوەندی و 3 کەس وەك (عەلەل بەدەڵ) هەلبژێردران.

سەر ئەنجام کونگرەی چوارەمی کوٚمەڵە روٚژی 19 ی ڕێبەندان، سەرکەوتوانە کوٚتایی بە کاری خوٚی هێنا.

لە یەکەمین کوٚبونەوەی پلێنوٚمی یەکەمی ناوەندیدا، هاوریٚ ئیبراهیمی عەلیزادە دیسانەوە وەك سکرتێری یەکەمی سازمانی کوردستانی حیزبی کوٚموٚنیستی ئێران(کوٚمەڵە) لە لایەن ئەندامانی کومیتەی ناوەندییەوە هەلبژێردرا.

نەتیجەی قسە و باسەکانی کونگرە و ئەو بڕیارانەی کە لە سەر ئەساسی ئەوانە دروان لە بڕیارنامەکاندا بە ئاگاداری هەمووان دەگا.

قسە و باسەکان و پەسەندکراوەکانی ئەم کونگرەیە تەعەلوقی بە خەباتی هەموو کرێکاران و زەحمەتکێشان و گەلی کوڵنەدەری کورد هەیە و تیشك داوێژێتە سەر ڕێگای تێکوشانیان.

**ئێمە هەموویان پێشەنگانی کۆمۆنیستیان بانگەواز دەکەین کە بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم سیاسەتانە هەرچی یەککگرتوانەتر و شێلگیرانەتر تێبکۆشین.**

**کومیتەی ناوەندی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران(کومەلە)**
**ریبەندانی** 1362